# هەموو کار وکردەوەیەک بە پێی نیەت ومەبەستە، وهەموو کەسێکیش بە پێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە

له ئەمیری باوەڕدارانەوە ئەبی حەفس عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم له پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه واله وسلم- کە دەیفەرموو: «هەموو کار وکردەوەیەک بە پێی نیەت ومەبەستە، وهەموو کەسێکیش بە پێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە، بۆیە ئەو کەسەی کۆچکردنەکەی بۆ لای خودا وپێغەمبەرەکەی بێت؛ ئەوا کۆچکردنی بۆ لای خودا وپێغەمبەرەکەیەتی، وئەوەی کۆچکردنەکەی بۆ بەدەست هێنانی شتومەکی دونیا بێت یان ئافرەتێک بێت کە مارەی بکات؛ ئەوا کۆچکردنی بۆ لای ئەو شتانەیە».

سەحیح - ڕاست)] [رواه إماما المحدثين أبو عبد الله محمد بن إسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة بن بردزبه البخاري وأبو الحسين] [مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري في صحيحيهما اللذين هما أصح الكتب المصنفة

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو کردەوەکان بەپێی نیەت بەهەند وەردەگیرێت، وئەم حوکمە گشتیە لە هەموو کردەوەکان (پەرستەکان ومامەڵەکان)، هەرکەسێک بەکردەوەکەی تەنها مەبەستی سوودوەرگرتن بێت ؛ تەنها ئەو سوودەی دەستکەوێت وپاداشت نادرێتەوە، وئەوەی مەبەستی بە کردەوەی نزیکبوونەوە بێت لە خوای گەورە ؛ ئەوا پەروەردگار پاداشتی دەداتەوە ئەگەرچیش کارێکی ئاسایی بێت وەکو خواردن وخواردنەوە. پاشان -صلى الله عليه وسلم- نمونەیەکی هێنایەوە بۆئەوەی کاریگەری نیەت ڕوون بکاتەوە لەسەر کردەوەکان ئەگەرچیش لەڕووکەشدا کردەوەکان یەکسان دیارن، ڕوونیکردەوە هەرکەسێک بە کۆچکردنی ودوورکەوتنەوە لە نیشتمانی مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاری بێت؛ ئەوا کۆچکردنەکەی شەرعیە وقبوڵکراوە وپاداشت دەدرێتەوە لەسەر ڕاستگۆیی نیەتی، وئەوەی بە کۆچکردنەکەی مەبەستی سودێکی دونیایی بێت لە پارە یان ناوبانگ یان بازرگانی یان ژن یان هتد ؛ ئەوا لە کۆچکردنەکەی تەنها ئەو سوودە وەردەگرێت کە لە نیەتیدا بووە، وهیچ پاداشتێکی دەستناکەوێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66511

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee